وەزارەتی دارایی هەرێم : ماف و شایستەکانی هەرێم لە یاسای بودجەی فیدڕاڵدا پارێزراو دەبێت



کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای پەداچوونەوە بە خشتەکانی یاسای بودجەی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٤، بە ئامادەبوونی شاندی هەرێم بەڕێوەچوو، وەزارەتی دارایی هەرێم دەڵێت: ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە یاساکە پارێزراو دەبێت.

ئەمڕۆ چوار شەممە ١٥ ی ئایاری ٢٠٢٤، بەئامادەبونی شاندی هەریمی کوردستان کۆبونەوەی لیژنەی باڵای پەداچونەوە بە خشتەکانی یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤ لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق بەسەرپەرشتی د. محەمەد تەمیم، جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری پلاندانان و وەزیری نەوت و وەزیری ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن و وەزیری کارەبا و تیمی هاوڕێکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق و ژمارەیەك لە بەرپرسیارێ گشتیەکانی وەزارەتی دارایی عێراق بەڕێوەچوو.

وەزارەتی دارایی هەرێم لە هاگەیەنراوەکدا ئاماژەی بۆکردووە، ژمارەیەك دەسپێی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و هێکارەکانی گواستنەوە و ئاوگەکردنی تەرخانکراوەکانی پشکی هەرێمی کورستان لە ناو

خشتەکانی یاسای گشتی بودجەی ساڵی ٢٠٢٤ گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

ئاماژەی بۆشکردووە، کەبوونەوەکە لە کۆشکی دەستانە و بەرپرسیارانەدا بەڵوچوو لە هەردوولاوە تێگەیشتنی هاوبەش و ئیجابی هەبوو بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەیاسای بودجەی ساڵی ڕابردوو دروست بوو بوو.

ئاشکراشی کردووە، بەیارەی خشتەکانی یاسای بودجە بەجۆرێك هەموار بکرێتەوە، کە ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە یاساکە پارێزراو بێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، هەردولا هاوڕا بوون لەسەر دانانی میکانیزمێك بۆ ڕادەستکردنی داهاتە نانەوتیەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و یاسای ئیدارەدانی دارایی و یاسای بودجەی گشتی عێراق.

شاندی هەرێم پێکهاتوون لە وەزیری دارایی و وەزیری و سەرکی دیوان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و سەرکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سەرکی نوێنەرایەتی هەرێم لە بەغدا.